هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

# فێرکردنی بیرکردنەوە



ئامادەکردنی
م . رەوا صالح محمد

2023-2022



# پێناسە

**پێناسەی بیرکردنەوە:** بیرکردنەوە کردارێکی دەروونیە کە روویەکی کۆمەڵایەتی هەیە پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە قسەکردن و بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەوەی کە دیارە لە شتەکان و رەنگدانەوەی ناراستەوخۆیە بۆ گشت راستیەکان لەماوەی شیکردنەوەو پێکهێنان. چەمکێکی ئاڵۆزە و چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە ،ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی پرۆسە عەقڵییەکان دەردەخات ، بەوەی کە ناتوانین ڕاستەوخۆ پێوانەیان بکەین لایەنەکان دیاری بکەین.



# بیرکردنەوە سێ بیرۆکە دەگرێتە خۆی:

1. بیرکردنەوە کردارێکی مەعریفیە بەڵام هەڵسوکەوتی دیار پشتی پێ دەبەستی کاتێك لە ناخی مرۆڤ روودەدات وە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ.
2. بیرکردنەوە کردارێکی مەعریفییە هەموو کردارەکان دەگرێتە خۆ کە لە مێشکی مرۆڤ روودەدات.
3. بیرکردنەوەی ئاراستەکراو دەبێتە هۆی هەڵسوکەوت کە چارەسەری گرفتەکان دەکات.





# تایبەتمەندی کرداری بیڕکردنەوە:

1. بیڕکردنەوە ڕەفتارێکی ئامانجدارە، بەشێوەیەکی گشتی لە بۆشایی و بێ ئامانج ڕوونادات بەڵکو لە هەڵوێستێکی دیاریکراو ڕوودەدات.
2. بیڕکردنەوە  ڕەفتارێکی گەشەکردووە ،جۆر و ئاستی بیڕکردنەوە بەپێی گەشەکردنی تاك و کەڵەکەبوونی ئەزموون و شارەزاییەکانی دەگۆڕێت ، هەتاوەکو تاك زیاتر گەشە بکات و ئەزموون و شارەزاییەکانی زۆرتربن ، ئەوە جۆر و ئاستی بیڕکردنەوەکانی ئاڵۆزتر دەبێت و باشتر بیڕدەکاتەوە.
3. بیڕکردنەوەی کارا ئەو بیڕکردنەوەیە کە پشت بەباشترین زانیاری دەبەستی کەلەوانەیە بەردەست بێ ئەمەش بەپێ شێواز ستراتیژیەتە دروستەکان.



# تایبەتمەندی کرداری بیرکردنەوە:

4.تەواوی یاخود کاملی لەبیرکردنەوە شتێکی شیاو نیە لەواقیع ، بیرکردنەوەی کارا مەبەستێکە دەتوانرێ بەدەدستبهێنری  بەراهێنان.

5.بیرکردنەوە بە تێکەلبوونی پێکهاتەکان دروست دەبێ لەکاتێکدا هەن لە هەلوێستیکدا هەن  یان بۆنەیەکدا هەن یان ئەو بابەتەی کە بیرکردرنەوە بەدەوری دەخولێتەوە، بەپێ هەڵویست و ئەزموون وشارەزاییەکانی پێشوەوە دروست دەبن.

6. بیرکردنەوە بە شێوەی جیاواز روودەدەن ( زارەکی، هێمایی ، چەندی، شوێنی، شێوەیی ) هەروەها هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە



# فێرکردنی بیرکردنەوە

بریتی یە لە رەخساندنی بوار بۆ قوتابی و فێربووەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی بیڕکردنەوە لە ئاستەکانی ئاسان و ئالۆز و هاندانیان و روژاندنیان بۆ (بیڕکردنەوە) کە پرۆسەیەکی گشتی یە کەش وهەوای پۆل و قوتابخانە کاری تێدەکات هەروەها تواناى مامۆستایە هەبوونی سەرچاوەی زانستی و ڕۆژێنەری بیڕکردنەوەی گرنگن



# فێرکردنی بیرکردنەوە

**.پێناسەی (دی بونو) پێ ی وایە فێرکردنی بیڕکردنەوە**

**بریتی لە پێدانی چەنسی گونجاو بۆ ئەنجامدانی بیڕکردنەوە و هاندانیان بۆ بیڕکردنەوە.**



# گرنگی فێرکردنی بیرکردنەوە:

1. بەهۆی پێشکەوتنی زانستی و زانیاری و تەکنەلوجی و شۆرشی زانیاری و ئەو پێداویستەی دروستکرد لە رەخساندنی توانا عەقڵیەکان بۆ گەیشتن بە بەرزترین کاریگەری .
2. ورووژاندنی تواناکانی قوتابی بۆ چارەسەری گرفتەکان لە داهاتوو.
3. یارمەتی قوتابی دەدات بۆ تێرکردنی پێداویستی راستەقینە وەك شت زانین و دۆزینەوە و تاقیکردنەوە.
4. بەشدارە لە باشترکردنی تەندروستی دەروونی قوتابی چونکە بیرکردنەوە پاڵەپەستۆ بەرەبەرکانێ بێزاری کەم دەکاتەوە لە قوتابیدا.



# گرنگی فێرکردنی بیرکردنەوە:

5.یارمەتی قوتابی دەدات بۆ نمایش کردنی رابردوو کەڵك وەرگرتن لە شارەزایی کۆن پێشبێنی کردنی داهاتوو خۆئامادەکردن بۆی.

6.یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ دروستکردنی بڕیار

7. کەمی وە دەست هێنانی ئاستی خوێندن لەناو قوتابیان بەهۆی کەمی توانایی لەبیرکردنەوە چارەسەری زانیاری

8.بیرکردنەوە هێزیکی نوێ بوونەوەیە بۆ مانەوەی تاك و کۆمەڵ لە ژیانی ئەمرۆ و داهاتوودا.

زۆر سوپاس



